# پیاوێکی ڕژاوی ژێر چەتر

**بۆ محەممەد عومەر عوسمان**

**دلاوەر قەرەداغی**

لەو مردنە ئێوارەییەدا بوو
کە باران تەڕی کرد
بۆ خۆی برد
هەموو ئەوەی لەوێ باری
بۆ خۆی برد
بۆ خۆی برد
ئەو هەموو ژەهرە
ئەو هەموو مێوژە بۆ خۆی
تۆزێکی بەش نەدا لە چەتر و
لە پاڵتۆ و
تۆزێکی نەدایە لەخۆی!
لەو مردنە ئێوارەییەدا بوو
کە باران بەدەمیدا هات
بە ئەسپ سوارەکانی گەڕەك بڵێ:
بێ زەحمەت بچنە ژوورەوە
دڵی هات

نیشتمان لەبەردەم

پیاوێکی غەریبدا تەریقکاتەوە

ڕووی هات

بە ڕووتیی

ڕاکا ... ڕاکا

بەرەو سەحرا

بەدەم لەهۆشخۆچوونەوە

پێبکەنێ و

بڵێ: ها ئەوەتا

دەمرم و

ڕۆحیشم تەژییە

بە سەما!

***سلێمانی***
***شوباتی 1998***